# ڕێنووسی تابلۆکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێی ڕێنماییەکانی ئەکادیمیای کوردی
# ( تابلۆ فەرمییەکانی قەزای کۆیە بە نموونە )
# لێکۆڵینەوەیەکی کارەکییە

**د. هێمن عەبدولحەمید شەمس**
**زانکۆی کۆیە**
**فاکەڵتیی پەروەردە**
**بەشی زمانی کوردی**

**پێشەکی**

**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:** (ڕێنووسی تابلۆکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەپێی ڕێنماییەکانی ئەکادیمیای کوردی، تابلۆ فەرمییەکانی قەزای کۆیە بەنموونە).

**سنوری لێکۆڵینەوەکە:** لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی زمانەوانیی کارەکیدایە.

**کەرەستە و ناوچەی لێکۆڵینەوەکە:** تابلۆی دەزگافەرمییەکان و ناوەندەکانی خوێندن، لە مەڵبەندی قەزای کۆیە دەگرێتەوە.

**گرفتی لێکۆڵینەوەکە:** بوونی هەڵەی ڕێنووسە لە تابلۆی دەزگا فەرمییەکاندا.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:** ڕاستکرنەوەی هەڵەکانە، بەگوێرەی یاساکانی ڕێنووس و ڕێنماییەکانی ئەکادیمیای کوردی لەسەر ڕێنووسی کوردی.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:** لێکۆڵینەوەیەکی کارەکییە، تێیدا ڕێبازی پەسنیی شیکاری پەیڕەوکراوە.

**ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:** لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و دووبەش و ئەنجام و پێشنیاز و پاشکۆ پێکهاتووە.

لە بەشی یەکەمدا، کە تیۆرییە، پێناسە و گرنگیی ڕێنووس خراوەتەڕوو. هەروەها جۆری هەڵەی ڕێنووس لە تابلۆکاندا دەستنیشانکراوە.

بەشی دووەم، کە کارەکییە، هەڵەکان شیکراونەتەوە و ڕاستکراونەتەوە. دواتر چەند ئەنجام و پێشنیازێك خراونەتەڕوو، لەگەڵ ناوی سەرچاوە بەکارهێنراوەکان و پاشکۆیەك، کە لستی ناوی ئەو دەزگا فەرمییانە لەخۆدەگرێت کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، لەگەڵ خستنەڕووی وێنەی چەند تابلۆیەك بەنمونە.

**ڕێکاری لێکۆڵینەوەکە:** دوای سەرنجدان و ڕامان لە تابلۆ و نووسراوی شوێنەفەرمی و تایبەتەکان، لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و قەزای کۆیە بەتایبەت، درك بەوە کرا، کە هەڵەی ڕێنووس زۆرە و پێویستە بیر لە چاککردنیان بکرێتەوە. وا بە باشزانرا، لە هەنگاوی یەکەمدا، لە دەزگا فەرمییەکانەوە دەستپێبکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش، پێویستبوو نموونەی تابلۆکان لەبەردەست بن، بۆیە بڕیار لەسەر وێنەگرتنی تابلۆکان درا.

دوای وەرگـرتنی ڕەزامەنـدی و ڕێگەپێـدان، بـە سوپاسـەوە، لـە بـەڕێزان قایمقـامی کۆیـە و بەڕێوەبـەری پەروەردەی کۆیە، پرۆسـەی وێنـەگرتنی تابلۆکـان دەسـتپێکرا و وێنـەی (١٢٥) تـابلۆ گـیرا، کـە سـەرجەمیان لای لێکۆڵەر پارێزراون، ئینجا کاری لێکۆڵینەوەکە دەستی پێکرد.

پێویسـتە بوترێـت، کـە تـابلۆی بەڕێوەبەرایـەتی و بنکـەکانی پـۆلیس کاریـان لەسـەر نـەکراوە، چـونکە وێنەگرتنیان، بەهۆی باری ئەمنییەوە، ڕێگەپێدراو نییە و پرسیار و وەڵام و کاتی زۆری پێویست بـوو. هـەروەها تـابلۆی باخچـەکانی ساوایانیش، چونکە لـە ڕێنووسـی نـاوی باخچـەکاندا هەڵـە نـەبوو، تـەنیا لـە ناونیشـانەکانی (بەڕێوەبەرایـەتیی ... )دا هەڵـە هـەبوو، ئـەوانیش هـەمان ئـەو تێبـینی و زانیارییانـەی کـە لەسـەر تـابلۆی ناوەندەکانی خوێندندا باسکراون، دەیانگرێتەوە.

## بەشی یەکەم

### ڕێنووس:

زمـان، یەکێکـە لـە ئـاڵۆزترین دیاردەکـانی سروشـت. ڕێزمـان و زانسـتی زمـان هەوڵـدانن بـۆ لێکدانـەوە و ڕونکردنەوەی یاسا و پێکهاتەکانی ئەم دیاردە ئاڵۆزە.

نووسین، داهێنانێکی مرۆییە، بۆ هەلگرتن و پاراستنی بیروبۆچوونەکانی مرۆڤ لە لەناوچوون، کـە بـە زمـان دەربڕاون. بە دەربڕینێکی تر، "نووسین بریتییە لەو هەوڵەی مرۆڤ داوێتی بۆ پاراستنی قسە" (فـەتاح: ٢٠١١: ١٣)، چونکە نووسین دیوی دوووەمی قسەکردنە و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵیدا هەیە (فەتاح: ٢٠١٠: ٤١).

گرنگیـی نوسـین بـە گرنگیـی زمانـەوە پەیوەسـتە، زمـانیش بـە هـزری مرۆڤـەوە پەیوەسـتە و دەبـن بـە دوو ڕەگـەزی گـرنگ لـە پێکهاتـەی مرۆڤایەتیـدا. گـەر زمـان بـە پێکهاتـەی کۆمەڵایەتییـەوە پەیوەسـت بێـت، ئـەوا نوسینیش هەمان ڕەهەنـدی کۆمەڵایـەتیی هەیـە، چونکە تـەنیا لـەپێناو حـەزێکی خودیـدا پەیدانـەبووە؛ بـەڵکو پێویسـتییە مـادی و کۆمەڵایەتییـەکانی کۆمـەڵ بوونەتـە هـۆی سـەرهەڵدانی. لەلایـەکی تریشـەوە، سـەرهەڵدانی نووسین، پەیوەستە بە بیر و هۆشیاریی مرۆڤ و پێویستیی گەیاندنی پەیام و بیرەکانی بۆ کەسانی دوور لەخۆی و نەوەکانی دوای خۆی .

ڕێنووس، چۆنیەتیی نووسین و تۆمارکردنی دەربڕینە زمانییەکانە (قسەکردن)، بە هێما. بـەدەربڕینێکی تـر، هێمادارکردنی زمانە بە شێوەی بینراو. لـە (فەرهـەنگی زاراوەی زمانناسـی)دا بـەمجۆرە پێناسـەکراوە: "ڕێنـووس Orthography : بریتییـە لـە کۆمـەڵێك دەسـتوور کـە بـە هاریکارییـان ئاخـاوتنی ئێمـەیان پـێ دەنووسـرێ" (مارف: ٢٠١٤: ١٧١). هەروەها لە ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی (بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی)دا هاتووە: "ڕێنووس Orthography : واتا وێنەی نووسینی دەنگەکانی زمان". (ئـەکادیمیای کـوردی- ڕاسـپاردە: ٢٠١٠: ١٠).

ئەوەی تا ئێستا ڕوونە و بەردەوامیش لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێت ئەوەیە، کە هیـچ ئەلفبێیـەك نییـە، هـەموو وشە و دەربڕینەکانی زمانەکە، بەبێ هیچ گرفتێك بنووسێت، واتە هیـچ زمانێـك نییـە ڕێنووسـێکی یـەکگرتووی بێ گرفتی هەبێت (ئەکادیمیا- لیژنەی ڕێنووس: ٢٠١٣: ١١). هەروەها، گەلانی جیهان، جگە لە زمانەکانیان، لە ئاراستەکانی نوسین و خوێندنەوەشدا وەکیەك نین و جیاوازییان هەیە.

گرفتەکانی ڕێنووس، بەگشتی، جۆراوجۆرن، بەڵام نابن بە گرفت بۆ زمانەکە. لە زۆر زماندا ژمارەیەکی سنووردار دەنگ هەیە، کە لە ئەلفبێیەکەیدا پیتی بۆ دانەنراوە، یان بە چەند جۆرێك وێنەدەکرێت و دەنووسرێت. هەروەها لە هەندێ زماندا پیتێك چەند دەنگێك دەنوێنێت، یان وشە هەیە بە جۆرێك دەنووسرێت و بە جۆرێکی تر گۆدەکرێت (ئەکادیمیا- لیژنەی ڕێنووس: ٢٠١٣: ١١). ئەمەش دیاردەیەکی گشتییە و لە هەموو زمانێکدا، بەڕێژەی جیاواز، بەرچاودەکەوێت، هۆکارەکەشی بۆ هەڵکەوت و سروشتی خودی زمان دەگەڕێتەوە، کە هەمیشە لە گۆڕاندایە و جێگیریی بەردەوامی نییە. ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمان، بە پێچەوانەی ڕێنووس، کە تا ڕادەیەکی زۆر نەگۆڕ و جێگیرە. لەبەرئەوە بەهەمیشەیی شانبەشانی یاسا دەنگییەکانی زمان ناڕوات و لە هەندێ باردا کەموکورتی یان گرفتی دێتە پێش (فەتاح: ٢٠١٠: ٤٠).

## ڕێنووسی کوردی:

هەر ئەلفبێیەك کە ئێستا بەکاردێت، لە ڕابردوودا بەم شێوەیە نەبووە؛ بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕبووە، بە گۆڕانکاری و دەستکارییەوە گەیشتووە بەوەی کە ئێستا هەیە و ئەمەش بۆ گونجاندن بووە.

تا ئێستا زمانی کوردی بە چەند ئەلفبێیەك دەنووسرێت، بەڵام ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا باسی لێوەدەکرێت، ئەو ڕێنووسە پەیڕەوکراوەی باشووری کوردستانە (هەرێمی کوردستان)، کە لە عەرەبییەوە وەرمانگرتووە و ئەوانیش بە چەند شێوە و هەنگاوێك لە ئارامی و هیرۆگلیفییەوە وەریانگرتووە (ئەکادیمیا- لیژنەی ڕێنووس: ٢٠١٣: ٧). دیارە چەندان لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە و بە چەندان قۆناغدا تێپەڕبووە، تا بووە بەم ئەلفبێیە کوردییەی کە ئێستا ئێمە پەیڕەوی دەکەین. ئەمەش چەند گرفتێکی هەیە، کە گرفتی گەورە نین، بەڵام گرفتن و هەوڵدانیش بۆ چارەسەرکردنیان بەردەوامە.

شایانی باسکردنە، کە بەشێکی زۆر لە گرفتەکان، لە ئێستادا، چارەسەرکراون، بە تایبەت لە ئەکادیمیای کوردی، بەڵام گرفت لە جێبەجێنەکردنی ڕێنمایی و پێشنیازەکانە. واتە بە شێوەیەکی گونجاو نەگەیشتوونەتە ناوەندەکانی خوێندن و چاپەمەنی و ڕاگەیاندنەکان، بۆیە تا ئێستا هەڵەی ڕێنووس دیاردەیەکی بەرچاوە، تەنانەت لە ناوەندە زانستی و ڕۆشنبیرییەکانیشدا بە خودی ئەکادیمیای کوردیشەوە.

هەروەك چۆن زمان پەیوەندیی بە گەل و نەتەوە و قسەپێکەرانییەوە هەیە، هەر بەو شێوەیەش ڕێنووس پەیوەندیی بە فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی و ڕێزمانیشەوە هەیە، بۆیە پێویستە یاساکانی ڕێنووس لەگەڵ ڕێزمانی زمانەکەدا گونجاوبن و لە ژێر ڕۆشنایی ڕێزماندا پەیڕەوبکرێن(ئەکادیمیای کوردی- ڕاسپاردە: ٢٠١٠: ٢٠).

بەشێکی تری گرفتەکان بۆ هەست و گرنگیپێنەدانی خوێندەواران و نووسەرانی زمانەکە دەگەڕێتەوە، لە پەیڕەوکردنی یاساکانی ڕێنووس و هەڵەی ڕێنووسدا. (پ. د. محەمەد مەعرووف فەتاح) لە ساڵی ١٩٨٢ نووسیویەتی: ئەگەر خەڵکی ڕێزی بۆ وشە و ڕێنووسی کوردی هەبوایە، ئەگەر هەڵەیەکی ڕێنووسی بە گوناهێك دابنایە، ئەوسا چاوی لە هەندێ کەموکورتی دەپۆشی و هەوڵی دەدا پەیڕەوی یەکێك لەو ڕێبازە ڕێنووسییانە بکات، کە لەبەردەستدان و دوای بیروڕا و زەوقی خۆی نەدەکەوت (فەتاح: ٢٠١٠: ٦٦).

- لێکۆڵەری ئەم بابەتە، لەسەر پیتی (و)ی درێژ(وو)، سەرنجی هەیە، بەڵام بۆ پەیڕەوکردنی ڕێنماییەکانی ئەکادیمیای کوردی لەبارەی ڕێنووسەوە، هیچ ڕایەکی تایبەتی لەم باسەدا نەخستۆتەڕوو و پەیڕەوی ڕێنماییەکانی ئەکادیمیای کوردیی کردووە - .

**هەڵەی ڕێنووس:**

هەڵە، واتە نادروست یان ناڕاست. بەشێوەیەکی دیکە، تۆمارکردن و نووسینی بیرورا دەربڕراوەکانە بە نادروستی. شایەنی وتنە، کە هەڵەی ڕێنووس تەگەرە دەخاتە بەر چۆنیەتی و ڕێگەی خوێندنەوەی دەق و تەنانەت هەندێجار پرۆسەی تێگەیشتنیش دەشێوێنێت. لێرەدا دووجۆر هەڵەی ڕێنووس دەستنیشان دەکرێت:

١. هەڵەی ڕێزمانی: هەڵەکە تەنیا لەئاستی ڕێزمان و ڕێنووسدایە و کاریگەریی لەسەر واتای بیرە دەربڕراوەکە نییە. وەك: (بیرە دەربڕراوەکە – بیرە دەربڕاوەکە). مۆرفیمی (ر)، مۆرفیمی نادیارییە لە ڕستەی بکەر نادیاردا، ئەرکێکی ڕێزمانیی هەیە، نووسین و نەنووسینی، لێرەدا، کار لە واتا ناکات و گرفتی دروست تێگەیشتن و دروست تێنەگەیشتن ناهێنێتە ئاراوە. هەروەها: دەڕوات و دەڕوا، دەهێنێت و دەهێنێ، دابنیشە و دانیشە ... هتد.

٢. هەڵەی واتایی: ئەم جۆرە هەڵەیە، جگە لە ئاستی ڕێزمان، هەژموون و کاریگەریی دەپەڕێتەوە بۆ ئاستی واتا و گرفتی واتایی دروستدەکات، کە زۆرجار کێشەی کۆمەڵایەتیش بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بۆیە ڕێنووس جگە لەوەی لایەنێکی زمانەوانییە، لایەنێکی کۆمەڵایەتیشە. بۆ نمونە: (گوڵ – گول)، (گەر – کەر)، (کەڕ – کەر)، (پەز – بەز)، (هەست – هەشت)، (گەل – گەڵ) ... هەر یەکێك لەمانە، لە دەقێکدا بە هەڵە بنووسرێت، کە جیاوازیی نووسینیان زۆر کەمە و شیاوی ڕودانن، واتا و مەبەستەکان دەشێوێن، ئەمەش گرفتێکی واتایی و کۆمەڵایەتیشە.

**هەڵەی تابلۆکان:**

گەر تێبینیی ڕێنووسی تابلۆ و نووسراوی فەرمی و نافەرمی بکرێت، لە هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەکی گشتی، هەڵەی جۆراوجۆر بەرچاودەکەون. بە سەرنجدان لە تابلۆی فەرمانگە و خوێندنگا و زانکۆ و شوێنە فەرمییەکانی مەڵبەندی قەزای کۆیە، بەگشتی، لێکۆڵەر تێبینیی ئەوەی کردووە کە هەڵە ڕێنووسییەکان لە (٥) خاڵدا کورت دەکرێنەوە. بۆ دیاریکردن و ڕاستکردنەوەشیان، پشت بە ڕاسپاردە و ڕێنماییەکانی ئەکادیمیای کوردی دەبەستێت.

**یەکەم: پیتی (ی)**، لە ئەرکەکانی ئامرازی خستنەسەر یان بەستن و ناوبەند و ... هتددا.

لە زمانی کوردیدا دەتوانرێت ناو، بە ڕاناو، بە ئاوەڵناو، ... تەواو بکرێت، بەڵام ئەو تەواوکردنە بەبێ یاریدەی ئامرازی بەستن (خستنە سەر، ئیزافە)ی (ی) نابێت (ئەکادیمیای کوردی- ڕاسپاردە: ٢٠١٠: ٢٩). بەپێی ئەم یاسایە:

١. (ی)ی ئامرازی بەستن، بە کۆتاییی وشەی یەکەمەوە دەلکێت. (ئەکادیمیا- لیژنەی ڕێنووس: ٢٠١٣: ١٩). وەك: هەل ← هەلی کار.

٢. (ی)ی ئامرازی پەیوەندی، بەتایبەتی دوای ئەو وشانەی بە (ی) کۆتاییان دێت، دەبێت بنووسرێت، واتە دەبن بە دوو (ی) (یی). (ئەکادیمیا- لیژنەی ڕێنووس: ٢٠١٣: ١٩)، (حەبیب: ٢٠٠٥: ١٠)، (ئەکادیمیای کوردی- ڕاسپاردە: ٢٠١٠: ١٧). وەك← ئابووری ئابووریی کوردستان.

٣. (ی)ی بزوێن و (ی)ی نەبزوێن، واتە (î) و (y)، لە ڕێنووسی کوردیدا هەمان وێنەیان هەیە (ی)، بەڵام لە ڕاستیدا جیاوازن، بۆیە کاتێك بەدواییەکدا دێن، دەبێت هەردووکیان بنووسرێن. (حەبیب: ٢٠٠٥: ١٠). وەك:
کۆمەڵایەتی + ەکە + ان ⟵ کۆمەڵایەتییەکان komeĺayetîyekan.

٤. ئەگەر سێ پیتی (ی) بەدوای یەکتردا هاتن، دەبێت بەسەریەکەوە بنووسرێن. (حەبیب: ٢٠٠٥: ١٠)، (ئەکادیمیای کوردی- ڕاسپاردە: ٢٠١٠: ١٦). وەك: کۆتایی ⟵ لە کۆتاییی ساڵدا ... .

**دووەم: پیتی (و):**

١. هەر وشەیەك بە پیتی (و) دەست پێ بکات، بە یەك (و) دەنووسرێت. (حەبیب: ٢٠٠٥: ٩)، (ئەکادیمیای کوردی- ڕاسپاردە: ٢٠١٠: ١٣). وەك: وشە، وزە، وتن ...

٢. (و)ی ئامرازی بەستن، کە دوو وشە یان دوو فرێز و ڕستە لێکدەدات، لەناوەڕاستدا دەنووسرێت، چونکە وشەیەکی سەربەخۆیە؛ نە سەر بە وشەی یەکەمە، نە بە دووەم. (ئەکادیمیا- لیژنەی ڕێنووس: ٢٠١٣: ١٨)، (حەبیب: ٢٠٠٥: ١١)، (ئەکادیمیای کوردی- ڕاسپاردە: ٢٠١٠: ١٤). وەك: کار و کاردانەوە، هەرێم و ناوەند، بەهار و پاییز.

٣. ئەگەر وشەکە بە (وو) کۆتاییی هاتبوو، لە کاتی لکانی مۆرفیمێك کە بە بزوێن دەست پێ بکات، ئەوا پێویستی بە (ناوگر[1])ێك هەیە کە (و)ـە. واتا دەبن بە سێ (و)، (ووو). (ئەکادیمیای کوردی- ڕاسپاردە: ٢٠١٠: ٣٤).
دوو + ەم ⟵ دووەم.

**سێیەم: وشەی نادە :**

١. ئەگەر وشە لێکدراوەکە لە چەند وشەیەکیش پێکهاتبێت، مامەڵە و ڕەفتاری تەنیا وشەیەکی لەگەڵدا دەکەین. (ئەکادیمیای کوردی- ڕاسپاردە: ٢٠١٠: ٢٢ – ٢٣). واتە بەسەریەکەوە دەنووسرێت. وەك: نیشتەجێکردن، دەستبەکاربوون.

٢. وشەی نادە، چ ناو بێت یان زاراوە، دەبێت بەسەریەکەوە، وەکو یەك وشە، بنووسرێت. (حەبیب: ٢٠٠٥: ١١). وەك: دادنووس، بیناسازی، سەرپەرشتیکردن.

٣. لە هەندێك وشەی لێکدراودا، پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن بووە بە بەشێك لە هەردوو وشە لێکدراوەکە و بە هەموویان وشەیەکی سەربەخۆیان دروست کردووە. لەم بارەدا مامەڵەی سەربەخۆ لەگەڵ پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستندا ناکرێت و وشەکە هەمووی بەسەریەکەوە، بێ سپەیس، دەنووسرێت. (حەبیب: ٢٠٠٥: ١١)، (ئەکادیمیا- لیژنەی ڕێنووس: ٢٠١٣: ٢٠). وەك: کاروبار، ڕێگاوبان، بیروڕا، کەلوپەل، گەشتوگوزار.

**چوارەم: پیتی (ڕ):**

(ر) و (ڕ) لە سیستەمی دەنگسازیی زمانی کوردیدا، دوو نرخیان هەیە و دوو فۆنیمی جیان، بۆیە لەهەر شوێنێکی وشەدا دەربکەون (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی)، شێوەیان چۆنە، دەبێت وا بنووسرێن. واتە (ڕ)ی قەڵەو یان نیشانەدار، لەهەر شوێنێکی وشەدا دەرکەوت، وەك خۆی دەنووسرێت. (ئەکادیمیا- لیژنەی ڕێنووس: ٢٠١٣:

---

[1] لێکۆڵەر پێیوایە ئەم (ناوگر)ە (ناوبەند)ە، چونکە ناوگر لە زمانی کوردیدا نییە. پێدەچێت هەڵەی ڕێنووس بێت.

١٩)، (حەبیب: ٢٠٠٥: ١٠)، (ئەکادیمیای کوردی- ڕاسپاردە: ٢٠١٠: ١٧). وەك: ڕاپەڕین، بنەڕەتی، بەڕێوەبەرایەتی، باوەڕ.

**پێنجەم: هەندێك هەڵەی دیکە، جگەلەو چوار خاڵەی لەسەرەوە باسکران.**

**بەشی دووەم**

لەم بەشەدا، لەژێر ڕۆشنایی یاساکانی بەشی یەکەم، هەوڵدەدەین تابلۆکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بخەینە بەرباس. بەپێی خاڵی (یەکەم – ٢) لە بەشی یەکەم، پێویستە ئەم یاسایە بخرێتەڕوو:

(گ.ن) + ی + (گ.ن) + ی + (گ.ن) ...

(گ.ن)، مەبەست لە گرێی ناوییە، کە ناو، جێناو، یان هەر کەرەستەیەك کە ئەرکی ناو ببینێت، دەگرێتەوە.

(ی)، ئامرازی (خستنەسەر، پەیوەندی، ئیزافە - دانەپاڵ) ە.

بەپێی یاساکە:

(سەرۆك) ی (دەستە) ی (ماف) ی (مرۆڤ) لە (ئەنجومەن) ی (نوێنەران) ی (عێراق)...

سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

بۆ جێبەجێکردنی یاساکە و دڵنیابوون لە ڕاستیی ڕێنووسەکە، لەکاتی بەستنەوە یان خستنەسەری دوو ناو یان زیاتر بەهۆی ئامرازی خستنەسەرەوە، وا باشترە ناوەکان لە کەوانەدا دابنرێن و (ی)ی ئامرازیش لە دەرەوەی کەوانەکەبێت، ئەوسا ئەگەر وشەکە بە (ی) کۆتایی هاتبوو، لەگەڵ ئامرازی خستنەسەرەکە دەبن بە دوو(ی) (یی)، خۆ ئەگەر وشەکە بە (یی) کۆتایی هاتبوو، ئەوا دەبن بە سێ (ی) (ییی). دوای دڵنیابوون لە ڕاستیی ڕێنووسەکە، کەوانەکان لابرێن و بە پێی پێویست بەیەکەوە بلکێنرێنەوە.

(حکومەت) + (ی) + (هەرێم) +(ی) + (کوردستان) ← حکومەتی هەرێمی کوردستان

(سەرۆکایەتی) + (ی) + (ئەنجومەن) + (ی) + (وەزیران). ←سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران

(سەرۆکایەتی) + (ی) + (زانکۆ) + (ی) + (کۆیە / ڕاپەڕین / سلێمانی). ←سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیە

(سەرۆکایەتی) + (ی) + (شارەوانی) + (ی) + (کۆیە / ڕانیە / هەولێر). ←سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە

هەر تابلۆیەکی تر، کە (سەرۆکایەتی)ی تێدابێت و ناوێکی بەدواداهاتبێت، پێویستە بەو شێوەیە بنووسرێت.

بە پەیڕەوکردنی هەمان یاسا، تابلۆی بەڕێوەبەرایەتییەکانیش بە هەمان شێوەیە:

(بەڕێوەبەرایەتی) + (ی) + (گشتی) + (ی) + (تەندروستی[٢]) + (ی) + (کۆیە / سلێمانی / هەولێر)

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی کۆیە

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هاتووچۆی[٣] هەولێر / بەڕێوەبەرایەتیی هاتووچۆی کۆیە

لە بەشی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی کۆیەدا نووسراوە (سەروەری یاسا و سەلامەتی ئێوە ئامانج مانە) پێویستە بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

---

[٢]) هەڵەی واتایی هەیە، بەپێی تابلۆکە (تەندروست)ە، بەڵام ڕاستییەکە (تەندروستی)یە و لە تابلۆی گشت مەڵبەندەکانی تەندروستیدا دووبارە بۆتەوە. تەندروست : ڕاست : صحيح / تەندروستی : صحة

[٣]) پێویستە (هاتووچۆ) بە یەك (و) بنووسرێت. (هاتوچۆ).

(سەروەری)ی یاسا و (سەلامەتی)ی ئێوە، ئامانجمانە ⟵ سەروەریی یاسا و سەلامەتیی ئێوە، ئامانجمانە

(بەڕێوەبەرایەتی)ی (گشتی)ی شوێنەوار / بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری هەولێر

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تۆمارکردنی خانووبەرە / بەڕێوەبەرایەتیی تۆمارکردنی خانووبەرەی کۆیە

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر / بەڕێوەبەرایەتیی[٤] پەروەردەی کۆیە.

(بەڕێوەبەرایەتی)ی (چالاکی)ی قوتابخانەکان / (هۆڵ)ی (چالاکی)ی هونەری

بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی قوتابخانەکان / هۆڵی چالاکیی هونەری

(یەکە)ی (چالاکی[٥])ی وەرزش و دیدەوانی. ⟵ یەکەی چالاکیی وەرزش و دیدەوانی

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری / بەڕێوەبەرایەتیی ڤێتێرنەریی کۆیە

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گواستنەوەی زەمینی و هێڵی ئاسنی/ بەڕێوەبەرایەتیی گواستنەوەی کۆیە

(بەڕێوەبەرایەتی)ی (تاقیگە)ی (بیناسازی[٦])ی کۆیە. ⟵ بەڕێوەبەرایەتیی تاقیگەی بیناسازیی کۆیە

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی سەرچاوەکانی ئاو/ بەڕێوەبەرایەتیی (ئاودێری[٧])ی کۆیە ⟵ ئاودێریی کۆیە

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئەوقاف و کاروباری (ئاینی[٨])ی (پارێزگا)ی هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتیی ئەوقاف و کاروباری ئاینیی کۆیە.

(بەڕێوەبەرایەتی)ی (گشتی)ی (فەرمانگەکان)ی داد/ (بەڕێوەبەرایەتی)ی جێبەجێکردنی هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتیی جێبەجێکردنی کۆیە.

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی فەرمانگەکانی داد/ بەڕێوەبەرایەتیی (چاودێری)ی ناکامەکانی هەولێر/ (تێبینەرایەتی)ی (چاودێری[٩])ی ناکامەکانی کۆیە

(بەڕێوەبەرایەتی)ی (ڕێگا و بان[١٠]) و ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن

(بەڕێوەبەرایەتی)ی چاککردنەوەو[١١] پاراستنی ڕێگاوبانی کۆیە ⟵ بەڕێوەبەرایەتیی چاککردنەوە و پاراستنی ڕێگاوبانی کۆیە.

(بەڕێوەبەرایەتی)ی (کشتوکاڵ)ی کۆیە ⟵ بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی کۆیە

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەگشتییەکان/ بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانەگشتییەکانی کۆیە/ کتێبخانەی گشتیی حاجی قادری کۆیی

---

[٤] لە تابلۆی زۆربەی قوتابخانە و خوێندنگاکاندا هەیە و (ی) ی ئامرازی خستنەسەر نەنووسراوە.

[٥] (چالاکی) لە (چالاك)ەوە وەرگیراوە، نابێت بە (چاڵاکی).

[٦] بەپێی تابلۆکە لە (بیناسازی)دا هەڵەی واتایی هەیە، چونکە (بیناسازی) بە (ی) کۆتاییی هاتووە، لەگەڵ (ی)ی ئامرازی خستنەسەردا دەبن بە دوو (یی)، بەڵام بە پێی ڕێنووسی تابلۆکە (بیناساز)ە نەك (بیناسازی).

[٧] لە (ئاودێری)دا هەڵەی واتایی هەیە، چونکە (ئاودێری) بە (ی) کۆتاییی هاتووە، لەگەڵ (ی)ی ئامرازی خستنەسەردا دەبن بە دوو (یی)، بەڵام بەپێی ڕێنووسی تابلۆکە (ئاودێر)ە کە ڕاستییەکەی (ئاودێری)یە. (ئاودێر، کەسە)، (ئاودێری، پرۆسەیە).

[٨] هەڵەی واتایی هەیە، چونکە (ئاین) و (ئاینی) دوو واتا و بەشە ئاخاوتنی جیاوازن.

[٩] هەڵەی واتایی هەیە، چونکە چاودێر: راعی / چاودێری: رعایة . واتاکان لەیەکتر وەرگیراون، بەڵام زۆر جیاوازن.

[١٠] (ڕێگاوبان)، وشەیەکی لێکدراوە، پێویستە بەسەریەکەوە بنووسرێت. (بەشی یەکەم، خاڵی سێیەم- ١).

[١١] لێرەدا پیتی(و) وشەیەکی سەربەخۆیە، پێویستە بەتەنیا بنوسرێت.

**بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بازرگانی**

**بەڕێوەبەرایەتیی گەشتوگوزاری[١٢] كۆیە**

**بەڕێوەبەرایەتیی گەنجینەی كۆیە**

**بەڕێوەبەرایەتیی باجی خانووبەرەی كۆیە**

**بەڕێوەبەرایەتیی خانەنشینی كۆیە**

**بەڕێوەبەرایەتیی باجی دەرامەتی كۆیە**

**بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی كۆیە**

**بەڕێوەبەرایەتیی كارەبای كۆیە**

**بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و هونەری كۆیە.**

**بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕەگەزنامەی هەرێمی كوردستان/ بەڕێوەبەرایەتیی ڕەگەزنامە و كاروباری (شارستانی[١٣])ی هەولێر. (فەرمانگە)ی (بار)ی (شارستانی)ی كۆیە. ←فەرمانگەی باری شارستانیی كۆیە.**

**(فەرمانگە)ی (كارت)ی (نیشتمانی[١٤])ی كۆیە. ←فەرمانگەی كارتی نیشتمانیی كۆیە.**

**(بەڕێوەبەرایەتی)ی (گشتی)ی (بانكە پسپۆڕی)یەكان. ← بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بانكەپسپۆڕییەكان.**
Pisporîyekan

**(بەڕێوەبەرایەتی)ی (قوتابخانە) و پەیمانگا ناحكومیەكان. ← بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگا ناحكومییەكان.** Na ĥkumîyekan

**(بەڕێوەبەرایەتی)ی (تۆمارگا)ی گشتی. ←بەڕێوەبەرایەتیی تۆمارگای گشتی.**

**جێگای سەرنجە لە بەشێك لە تابلۆی بەڕێوەبەرایەتییەكان، جگە لە پیتی (ی)، پیتی (ڕ) یش بە (ر) نووسراوە.**

**(كۆمپانیا)ی (گشتی)ی (بازرگانی[١٥])ی (كەل و پەل)ی خۆراك/ بنكەی كەل و پەلی خۆراكی كۆیە←**
**كۆمپانیای گشتیی بازرگانیی كەلوپەلی خۆراك/ بنكەی كەلوپەلی خۆراكی كۆیە.**

**فەرمانگەی كارەبای كۆیە/ بەشی فرۆشتنی ووزە. (پێویستە بە یەك (و) بنووسرێت) ←(وزە).**

**(نەخۆشخانە)ی (فێركاری [١٦])ی شەهید د. خالید. ← نەخۆشخانەی فێركاریی شەهید د. خالید.**

**(پزیشك[١٧])ی (دادوەر[١٨])ی كۆیە. ← پزیشكیی دادوەریی كۆیە.**

---

[١٢]) گەشت و گوزار زاراوەیەكی لێكدراوە، پێویستە بەسەریەكەوە بنوسرێت. گەشتوگوزار.

[١٣]) هەڵەی واتایی هەیە. بەپێی تابلۆكە (شارستان)ە، بەڵام ڕاستییەكەی (شارستانی)یە. شارستان: شارنشین / شارستانی: مدني

[١٤]) هەڵەی واتایی هەیە. بەپێی تابلۆكە نیشتمانە، بەڵام ڕاستییەكەی (نیشتمانی)یە. نیشتمان : وطن / نیشتماني : وطني .

[١٥]) هەڵەی واتایی هەیە. بەپێی تابلۆكە (بازرگان)ە، بەڵام ڕاستییەكە ی(بازرگانی)یە. بازرگان : تاجر ، بازرگانی : تجارة . هەروەها (كەلوپەل) وشەیەكی لێكدراوە، پێویستە بەسەریەكەوە بنووسرێت. (بەشی یەكەم، خاڵی سێیەم-١، ٢، ٣).

[١٦]) هەڵەی واتایی هەیە، فێركار: معلم / فێركاری: تعلیمی . بەپێی تابلۆكە (فێركار)ە، بەڵام ڕاستییەكەی (فێركاری)یە.

[١٧]) هەڵەی واتایی هەیە، پزیشك: طبیب / پزیشكی: طب.

[١٨]) هەڵەی واتایی هەیە، دادوەر: حاكم / دادوەری: عدلي.

(مەڵبەند)ی (تەندروستی[19])ی حاجی قادر/ (هۆبە)ی (چاودێری[20])ی (تەندروستی)ی سەرەتایی و (دایک)ی دووگیان

مەڵبەندی تەندروستیی حاجی قادر/ هۆبەی چاودێریی تەندروستیی سەرەتایی و دایکی دووگیان.

مەڵبەندی تەندروستیی شەهید د. هەندرێن.

مەڵبەندی تەندروستیی باواجی.

مەڵبەندی تەندروستیی شەهید د. کاوەی ...

(فاکەڵتی)ی پەروەردە ← فاکەڵتیی پەروەردە.

(فاکەڵتی)ی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان. ← فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان.

komeÎayetîyekan

(فاکەڵتی)ی زانست و تەندروستی. ← فاکەڵتیی زانست و تەندروستی.

(فاکەڵتی)ی ئەندازیاری. ← فاکەڵتیی ئەندازیاری.

(پەیمانگا)ی (تەکنیکی[21])ی کۆیە. ← پەیمانگای تەکنیکیی کۆیە.

(پەیمانگە)ی (پەروەردە)ی (وەرزشی[22])ی کۆیە. ← پەیمانگەی پەروەردەی وەرزشیی کۆیە.

**ئەو شوێنانەی کە پێویستیان بە (٣ ی-ییی) هەیە. (بەشی یەکەم، خاڵی یەکەم- ٤).**

(بەش)ی (ڕێنمایی)ی کشتوکاڵی. ← بەشی ڕێنماییی کشتوکاڵی.

(دادگا)ی (بەرایی)ی کۆیە. ← دادگای بەراییی کۆیە.

(ئامادەیی[23])ی (هیوا)ی کوڕان. ← ئامادەییی هیوای کوڕان

(ئامادەیی)ی (ڕاجی)ی کوڕان. ← ئامادەییی ڕاجیی کوڕان

(ئامادەیی)ی (کانی[24])ی کچان. ← ئامادەییی کانیی کچان

(ئامادەیی)ی سامی عەوداڵ[25] ی کوڕان ← ئامادەییی سامی عەوداڵی کوڕان

(ئامادەیی)ی (بەیداغ)ی کچان ← ئامادەییی بەیداغی کچان

(ئامادەیی)ی (چرۆ)ی نموونەیی ← ئامادەییی چرۆی نموونەیی

(ئامادەیی)ی (کۆیە)ی کچان ← ئامادەییی کۆیەی کچان

---

[19]) هەڵەی واتایی هەیە، تەندروست : ڕاست : صحیح / تەندروستی : صحة.

[20]) هەڵەی واتایی هەیە، چاودێر : راعي – مراقب / چاودێری : رعاية.

[21]) هەڵەی واتایی هەیە، تەکنیك : فن / تەکنیکی : الفني. خۆی (ی)ی نەسەبی هەیە.

[22]) هەڵەی واتایی هەیە، وەرزش: رياضة / وەرزشی: رياضي ، رياضية.

[23])گشت ئامادەییەکان، کە ناوێکی دیکەیان بەدوادادێت، پێویستە بکرێن بە (٣ ی – ییی).

[24]) ڕێنووسی هەردوو ئامادەیی (کانی و ڕاجی) هەڵەی واتاییان دروستکردووە، چونکە ئەگەر ناوەکان لە کەوانە دابنرێن بەم شێوەیەیان لێدێت: (ئامادەی)ی (کان)ی کچان. (ئامادەی)ی (ڕاج)ی کوڕان. کە ڕاستییەکە ئەمە نییە.

[25]) پێویستە (ی) بە (عەوداڵ)ەوە بلکێت، چونکە لە کەوانەدا نییە . (بەشی یەکەم، خاڵی یەکەم- ١).

(ئامادەیی)ی (کۆیە)ی کوڕان ⟵ ئامادەییی کۆیەی کوڕان

(ئامادەیی)ی (سیابۆ)ی کچان ⟵ ئامادەییی سیابۆی کچان

(ئامادەیی)ی (داستان)ی ئێواران ⟵ ئامادەییی داستانی ئێواران

(ئامادەیی)ی (پیشەیی)ی کۆیەی تێکەڵاو ⟵ ئامادەییی پیشەییی کۆیەی تێکەڵاو

یەکەی سەرپەرشتیکردنی (پەروەردەیی)ی بنەڕەتی و باخچەی منداڵان ⟵ .. پەروەردەییی بنەڕەتی و ...

بە سەرنجدان لە تابلۆی خوێندنگا و قوتابخانەکان، هەندێك هەڵەی دیکە بەرچاو دەکەون، بۆ نموونە لە هەندێك تابلۆدا وشەی (بنەڕەتی) بە (بنەرەتی) نووسراوە. هەروەها ئەگەر (بنەڕەتی) بکەوێتە کۆتایی و وشەی دیکەی بەدوادا نەیەت، ئەوا وەك خۆی دەنووسرێت، وەك:

قوتابخانەی کالانی بنەڕەتی

قوتابخانەی کۆیەی بنەڕەتی

قوتابخانەی هاموونی بنەڕەتی

قوتابخانەی کێوەڕەشی بنەڕەتی

قوتابخانەی کوردستانی بنەڕەتی

بەڵام ئەگەر وشە یان گرێی دیکەی وەك (کوڕان، کچان، تێکەڵاو، ...)ی بەدوادابێت، ئەوا دەبن بە دوو (ی- یی).

بۆنموونە:

(قوتابخانە)ی (کۆیە)ی (بنەڕەتی)ی[٢٦] ناحکومی

خوێندنگای کۆتانی (بنەڕەتی)ی کوڕان ⟵ خوێندنگای کۆتانی بنەڕەتیی کوڕان

خوێندنگای سروەی (بنەڕەتی)ی کچان ⟵ خوێندنگای سروەی بنەڕەتیی کچان

خوێندنگەی کورد جینیەسی (بنەڕەتی)ی ئەهلی ⟵ خوێندنگەی کوردجینیەسی بنەڕەتیی ئەهلی

خوێندنگای نێوزەنگی (بنەڕەتی)ی کچان ⟵ خوێندنگای نێوزەنگی بنەڕەتیی کچان

خوێندنگای پێشەوای (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ⟵ خوێندنگای پێشەوای بنەڕەتیی تێکەڵاو

خوێندنگەی سێوەی (بنەڕەتی)ی کچان ⟵ خوێندنگەی سێوەی بنەڕەتیی کچان

خوێندنگای مەندیلانی (بنەڕەتی)ی کچان ⟵ خوێندنگای مەندیلانی بنەڕەتیی کچان

خوێندنگای مهابادی (بنەڕەتی)ی کچان ⟵ خوێندنگای مهابادی بنەڕەتیی کچان

خوێندنگای هەڵگوردی (بنەڕەتی)ی کوڕان ⟵ خوێندنگای هەڵگوردی بنەڕەتیی کوڕان

خوێندنگای (مەنفی[٢٧]) ی (بنەڕەتی)ی کوڕان ⟵ خوێندنگای مەنفیی بنەڕەتیی کوڕان

خوێندنگای سەرباغی (بنەڕەتی)ی کوڕان ⟵ خوێندنگای سەرباغی بنەڕەتیی کوڕان

خوێندنگای حەماغای (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ⟵ خوێندنگای حەماغای بنەڕەتیی تێکەڵاو

[٢٦]) بەپێی زانیاری و بەدواداچوونی لێکۆڵەر، تاکە تابلۆیە، لە سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، گرێی بنەڕەتیی بە دروستی نووسراوە، کە گرێی دیکەی بەدوادا هاتووە.

[٢٧])بەپێی تابلۆکە (مەنف)ـە، بەڵام ڕاستییەکەی (مەنفی)یە.

خوێندنگای هەیبەت سولـِتانی (بنەڕەتی)ی کچان ←خوێندنگای هەیبەت سولـِتانی بنەڕەتیی کچان

قوتابخانەی حاجی قادری (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ←قوتابخانەی حاجی قادری بنەڕەتیی تێکەڵاو

قوتابخانەی حەمامۆکی (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ←قوتابخانەی حەمامۆکی بنەڕەتیی تێکەڵاو

قوتابخانەی (باواجی[٢٨])ی (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ←قوتابخانەی باواجیی بنەڕەتیی تێکەڵاو

قوتابخانەی مەلای گەورەی (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ←قوتابخانەی مەلای گەورەی بنەڕەتیی تێکەڵاو

قوتابخانەی زانستی (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ← قوتابخانەی زانستی بنەڕەتیی تێکەڵاو

قوتابخانەی سەهۆڵانی (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ←قوتابخانەی سەهۆڵانی بنەڕەتیی تێکەڵاو

قوتابخانەی بێستونی ئێوارانی (بنەڕەتی)ی کوڕان ←قوتابخانەی بێستونی ئێوارانی بنەڕەتیی کوڕان

قوتابخانەی ڕەنوی (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ←قوتابخانەی ڕەنوی بنەڕەتیی تێکەڵاو

قوتابخانەی شیرینی (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ←قوتابخانەی شیرینی بنەڕەتیی تێکەڵاو

قوتابخانەی شارەزای (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ←قوتابخانەی شارەزای بنەڕەتیی تێکەڵاو

قوتابخانەی کەکۆنی (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ← قوتابخانەی کەکۆنی بنەڕەتیی تێکەڵاو

قوتابخانەی ژینی (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ←قوتابخانەی ژینی بنەڕەتیی تێکەڵاو

قوتابخانەی کۆساری (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ←قوتابخانەی کۆساری بنەڕەتیی تێکەڵاو

قوتابخانەی دڵداری (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ←قوتابخانەی دڵداری بنەڕەتیی تێکەڵاو

قوتابخانەی لێوژەی (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ← قوتابخانەی لێوژەی بنەڕەتیی تێکەڵاو

قوتابخانەی کۆسرەتی (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ←قوتابخانەی کۆسرەتی بنەڕەتیی تێکەڵاو

قوتابخانەی زرێباری (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ←قوتابخانەی زرێباری بنەڕەتیی تێکەڵاو

قوتابخانەی عەلەکەی (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ←قوتابخانەی عەلەکەی بنەڕەتیی تێکەڵاو

قوتابخانەی (باکوری[٢٩]) ی (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ←قوتابخانەی باکوریی بنەڕەتیی تێکەڵاو

قوتابخانەی (کەریم شێخانی)ی (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ←قوتابخانەی کەریم شێخانیی بنەڕەتیی تێکەڵاو

قوتابخانەی هەلاجی (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ←قوتابخانەی هەلاجی بنەڕەتیی تێکەڵاو

قوتابخانەی یەکێتیی (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ←قوتابخانەی یەکێتیی بنەڕەتیی تێکەڵاو

قوتابخانەی چنارۆکی (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ←قوتابخانەی چنارۆکی بنەڕەتیی تێکەڵاو

قوتابخانەی ئۆمەر خوچانی (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ←قوتابخانەی ئۆمەرخوچانی بنەڕەتیی تێکەڵاو

قوتابخانەی چرای (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ←قوتابخانەی چرای بنەڕەتیی تێکەڵاو

قوتابخانەی (گەشتیاری[٣٠])ی (بنەڕەتی)ی تێکەڵاو ← قوتابخانەی گەشتیاریی بنەڕەتیی تێکەڵاو

---

[٢٨]) بەپێی تابلۆکە (باواج)ـە، بەڵام ڕاستییەکەی (باواجی)یە.

[٢٩]) هەڵەی واتایی هەیە، بەپێی تابلۆکە (باکور)ـە، بەڵام ڕاستییەکەی (باکوری)یە، چونکە بەناوی مامۆستا و هونەرمەند (باکوری)یەوە ناونراوە.

[٣٠]) هەڵەی واتایی هەیە، لێکەوتۆتەوە. بەپێی تابلۆکە (گەشتیار)ـە، بەڵام ڕاستییەکەی (گەشتیاری)یە. گەشتیار: سائح ، گەشتیاری: سیاحي

قوتابخانەی نەجیبەخانی (بنەڕەتی)ی تێكەڵ ←قوتابخانەی نەجیبەخانی بنەڕەتیی تێكەڵ

قوتابخانەی نەورۆزی (بنەڕەتی)ی تێكەڵ ← قوتابخانەی نەورۆزی بنەڕەتیی تێكەڵ

(دواناوەندی)ی هێڤیاری كوڕان ←دواناوەندیی هێڤیاری كوڕان

(دواناوەندی)ی زەڵێی كچانی ئێواران ← دواناوەندیی زەڵێی كچانی ئێواران

**ئەنجام**

لێكۆڵەر، دوای لێكۆڵینەوە، بەم ئەنجامانە گەیشت:

تابلۆكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بە گشتی، هەڵەی ڕێنووسیان زۆرە.

١. لەكۆی (١٢٥) تابلۆی سنوری لێكۆڵینەوە، تەنیا (٦) تابلۆ بەبێ هەڵە نووسراون، كە ئەمانەن:

ا. پەیمانگەی هونەرەجوانەكانی شەهید جەعفەر/ كۆیە

ب. كارگەی دۆشاوی تەماتە لە كۆیە

پ. بەنكی كۆیە/ ٤

ت. قوتابخانەكانی (كوردستان) و (كێوەڕەش) و (كۆیە)ی بنەڕەتی.

٢. ڕێژەی تابلۆی ڕاست دەكاتە (٤.٨ ٪) و ڕێژەی هەڵەش دەكاتە (٩٥.٢ ٪).

٣. لە كۆی (١٢٥) تابلۆ، (٣١٢) هەڵەی ڕێنووس هەیە.

٤. جۆری هەڵەكان بەم شێوەیەن:

ا. (٢٨٨)یان لە جۆری ڕێزمانین، دەكاتە (٩٢.٣ ٪).

ب. (٢٤)یان هەڵەی واتایین، دەكاتە (٧.٧ ٪).

٥. ئەو تابلۆیانەی كەمترین نووسینیان تێدایە، كەمترین هەڵەیان تێدایە و بە پێچەوانەشەوە.

٦. بەدەر لەو تابلۆیانەی هەڵەیان نییە، ژمارەی هەڵەكان لە تابلۆیەكدا لەنێوان (١ - ٧) هەڵەیە.

٧. كۆی تابلۆكان، (١٠٣٦) وشەیان تێدا بەكارهاتووە، (٣١٢) هەڵەیان تێدایە، دەكاتە (٣٠.١ ٪).

٨. ئاماری هەڵەكان بەم شێوەیەیە:

ا. (٢٣٣) هەڵە لە (یی)دا هەیە، بەتایبەت لە گرێیەكانی (بەڕێوەبەرایەتیی ...، .. گشتیی ...، سەرۆكایەتیی ...، بنەڕەتیی ..)، ئەمەش زۆرترین ڕێژەیە و دەكاتە (٧٤.٦٧ ٪). هەروەها (١٦) هەڵە لە (ییی)دا هەیە، دەكاتە (٥.١ ٪).

ب. (٣) هەڵە لە (ی: أ، ﻻ ) دا هەیە، دەكاتە (٠.٩٦ ٪).

پ. (٩) هەڵە لە نووسینی وشەی لێكدراودا هەیە، دەكاتە (٢.٨٨ ٪).

ت. (٤) هەڵە لە (و) ی بەستندا هەیە، دەكاتە (١.٢٨ ٪).

ج. (٣٦) هەڵە لە (ڕ ، ر) دا هەیە، دەكاتە(١١.٥٣ ٪).

چ. (٢) هەڵە لە لكاندنی (ی) بە وشەی پێشخۆیەوە هەیە، دەكاتە (٠.٦٤ ٪).

ح. (١) هەڵە لە (و- W )ی سەرەتای وشەدا هەیە، دەكاتە (٠.٣٢ ٪).

خ. (٨) هەڵەی دیكە لە نووسینی هەندێك وشەدا هەیە كە ناچنە ناو ئەو خاڵانەی دیاریكراون، بۆ نموونە لەبریی (كوردستان ، پەروەردە) نووسراوە (كورستان ، پەرورەرد) ... ئەمەش دەكاتە (٢.٥٦ ٪) .

**پێشنیاز:**

بەمەبەستی کەمکردنەوە و نەهێشتنی هەڵەی ڕێنووس لە شوێنە فەرمییەکاندا، ئەم پێشنیازانە دەخەینەڕوو، بە هیوای جێبەجێکردنیان:

١) کردنەوەی بەشێك یان نووسینگەیەکی زمانی لە هەموو وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و... یاخود دانانی دەرچووانی بەشی زمانی کوردی، یان کەسانی شارەزا لە ڕێنووسی کوردی، لەو شوێن و نووسینگانەی فەرمانیان لێوە دەردەچێت، بۆ پێداچوونەوەی نووسراو و فەرمانەکان و ڕاستکرنەوەی هەڵەکان.

٢) کردنەوەی خولی ڕێنووس بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کاری تایپ دەکەن، چونکە زۆریان زانیاری و شارەزاییان لە ڕێنمایی و یاساکانی ڕێنووسی ئێستادا نییە.

٣) بۆ کردنەوەی خول و ڕێنمایی و بەرچاوڕوونی لەڕێنووسدا، لێکۆڵەری ئەم بابەتە ئامادەیە، لەسەر داوای لایەنی پەیوەندیدار لە سنووری لیکۆڵینەوەدا، **بەخۆڕایی**، هاوکار بێت.

٤) گۆڕین یان ڕاستکردنەوەی هەڵەی تابلۆکان، بە پێی ڕێنماییەکانی ئەکادیمیای کوردی، دوای چارەسەربوونی قەیرانی دارایی.

٥) جیاوازی لە نووسینی هەندێك ناو و زاراوەدا هەیە، (پەیمانگە ، پەیمانگا)، (خوێندنگە، خوێندنگا) ، (تێکەڵاو، تێکەڵ). هەردووکیان دروستن، بەڵام پێویستە یەکبخرێن.

٦) ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی هاوشێوە، لە گشت شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی دەستنیشانکردن و ڕاستکردنەوەی هەڵەی ڕێنووس.

٧) سەبارەت بە تابلۆ و نووسینی شوێنە گشتییەکان و کەرتی تایبەت، کە هەڵەی ڕێنووسیان زۆرە (هەرچەندە ئەمە لە دەرەوەی لێۆڵینەوەکەیە)، پێشنیاز دەکەین مەرجی (جواننووسین و نەبوونی هەڵەی ڕێنووس لە تابلۆ و نووسراوەکانیاندا)، لە مەرجەکانی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردن زیادبکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکی پسپۆڕ یان شارەزا لە ڕێنووس لە یەکەی کارگێڕیی ناوچەکان دابنرێ و ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرێ. پێمانوایە لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا هەموو هەڵەکان ڕاستدەکرێنەوە.

**سەرچاوەکان**


**١. ئەکادیمیای کوردی، (٢٠١٠)، ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.**

**٢. ئەکادیمیای کوردی- لیژنەی ڕێنووس، (٢٠١٣)، ڕێنووسی کوردی بەپێی بنەما زانستییەکانی ڕێنووسی گشتی، دووەم چاپ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.**

**٣. حەبیب، بەدران ئەحمەد، (٢٠٠٥)، ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر.**

**٤. فەتاح، محەمەد مەعروف، (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.**

**٥. فەتاح، محەمەد مەعروف، (٢٠١١)،زمانەوانی، چاپی سێیەم، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.**

**٦. مارف، ئەورەحمانی حاجی مارف، (٢٠١٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.**

**پوختەی لێکۆڵینەوە**

**ڕێنووسی تابلۆکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**بەپێی ڕێنماییەکانی ئەکادیمیای کوردی**

**(تابلۆ فەرمییەکانی قەزای کۆیە بە نموونە)**

**لێکۆڵینەوەیەکی کارەکییە**

زمانەوانیی کارەکی، لقێکی زانستی زمانە و بە شێوەیەکی کارەکی لێکۆڵینەوە لە گرفتە زمانییەکان دەکات و هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدات. داهێنان و پێداچوونەوەی ڕێنووس، یەکێکە لە بوارەکانی کارکردنی. ئەم لێکۆڵینەوەیە، لە پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و پێشنیاز پێکهاتووە، لەگەڵ پاشکۆیەك بۆ خستنەڕووی داتاکان و وێنەی چەند تابلۆیەك بە نموونە.

لە بەشی یەکەمدا، بەشێوەیەکی تیۆری، باس لە ڕێنووس کراوە، کە بریتییە لە چۆنیەتیی نووسینی دەربڕینە زمانییەکان. هەروەها باس لە هەڵەی ڕێنووس کراوە، کە بریتییە لە نووسینی دەربڕینە زمانییەکان بە شێوەیەکی نادروست بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان، کە دووجۆر هەڵە دەستنیشانکراوە: یەکەمیان هەڵەی ڕێزمانییە و بریتییە لەو جۆرە هەڵەیەی کە تەنیا لە ئاستی ڕێزماندایە و کاریگەریی لەسەر واتای دەربڕین و نووسراوەکان نییە. جۆری دووەمیان هەڵەی واتاییە، کە جگە لە ئاستی ڕێزمان، کاریگەریی لەسەر واتای دەربڕین و نووسراوەکانیش هەیە. دواتر باس لە هەڵەی ڕێنووسی تابلۆکان کراوە، کە بە شێوەیەکی گشتی لە پێنج خاڵدا کۆکراونەتەوە.

لە بەشی دووەمدا، بە کارەکی کار لەسەر دەستنیشانکردن و ڕاستکردنەوەی هەڵەی تابلۆکان کراوە. لە کۆتاییدا، لێکۆڵەر بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە و بە داتا و ژمارە ئەنجامەکانی خستۆتەڕوو، لەوانە: لە کۆی (١٢٥)تابلۆ، تەنیا (٦) تابلۆیان بێ هەڵەن. (٣١٢) هەڵەی ڕێنووس لە تابلۆکاندا هەیە و (٢٤٩) یان لە (ی)ی ئامرازی خستنەسەردان. دواتر چەند پێشنیازێك خراوەتە ڕوو، لەوانە: کردنەوەی بەشێك یان نووسینگەیەکی زمانی لە هەموو وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و... یاخود دانانی دەرچووانی بەشی زمانی کوردی، یان کەسانی شارەزا لە ڕێنووسی کوردی، لەو شوێن و نووسینگانەی فەرمانیان لێوە دەردەچێت، بۆ پێداچوونەوەی نووسراو و فەرمانەکان و ڕاستکرنەوەی هەڵەکان. هەروەها کردنەوەی خولی بەهێزکردنی ڕێنووس بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کاری تایپ دەکەن. ئینجا لستی سەرچاوەکان و پاشکۆی لێکۆڵینەوەکە خراونەتەڕوو.

## الملخص

## الاملاء في اللوحات لحكومة اقليم كوردستان

## حسب التعليمات للاكاديمية الكوردية

## (لوحات الدوائر الرسمية في مركز قضاء كويسنجق نموذجا)

## بحث تطبيقي

اللسانيات التطبيقية جزء من علم اللغة، يبحث في الاشكاليات اللغوية بشكل تطبيقي و يحاول ان يحل الاشكاليات. اكتشاف و مراجعة الاملاء و الكتابة، هي احدي مجالات البحث في اللسانيات التطبيقية. هذا البحث يتكون من مقدمة و فصلين و استنتاج و اقتراحات و ملحق لعرض البيانات و عدة صور للائحات كنموذج.

الفصل الاول وهو فصل نظري، الذي تكلم عن الاملاء وهي كيفية كتابة التعبيرات، وتكلم ايضا عن الاخطاء الاملاءية، والتي هي كتابة التعبيرات بشكل غير صحيح حسب القواعد و التعليمات. حدد نوعين من الاخطاء: اولا الاخطاء القواعدية وهي التي لاتؤثر في المعنى ، و الثاني الاخطاء الدلالية التي تؤثر في معنى التعبيرات و الكتابات رغم القواعد. وتكلم البحث ايضا عن الاخطاء في لائحات الدوائر و تلخص الاخطاء في خمس نقاط.

الفصل الثاني، وهي فصل تطبيقي، بحث في تحديد و تصحيح الاخطاء في اللوحات. وفي الاخير استنتج الباحث عدة استنتاجات منها : من مجموع (١٢٥) لوحة ، (٦) منها خالية من الاخطاء. يوجد (٣١٢) خطا املائي في اللوحات و (٢٤٩) منها في (ي) الاضافة. و عرض بعض اقتراحات منها فتح قسم أو مكتب لغوي في الوزارات و المديريات العامة و المديريات... الخ أو تنسيب خريجي قسم اللغة الكوردية أو خبراء في الاملاء و الكتابة الكوردية ، في المكاتب التي تصدر منها الاوامر الادارية و... لمراجعة وتصحيح الاخطاء . ادخال العاملين على الطابعة لدورات تقوية الاملاء . وفي الاخير عرض قائمة المصادر و ملحق للبحث.

# ABSTRACT

## The Orthography of Kurdistan Regional Government Signboards, According to the Kurdish Academy Directives (The Formal Signboards of Koya District as a Sample) Applied Research

Applied linguistics is a part of linguistics .It practically deals with the linguistic problems and tries to resolve them. Finding out and review of orthography and writing is one of the areas of Applied Linguistics. This research consists of an introduction, and two chapters, conclusions, suggestions, and an extension to display the data and several pictures of the signboards.

In the first chapter, orthography is explained theoretically, and how to write the expressions .Also spelling mistakes and correct expressions according to the rules and instructions are tackled in this chapter .Two kinds of errors are selected; First: the grammatical errors that do not affect the meaning .Second: The semantic errors that affect the meaning of expressions despite the grammar. Then the orthographical mistakes of the signboards explained in five points.

In the second chapter, the applied research deals with identifying and correcting the errors in the signboards. Then the researcher presents several conclusions. There are (٦) signboards without error out of (١٢٥) signboards. There are (٣١٢) misspelled in the signboards and (٢٤٩) of them with Conjunction particle (ی). Next some suggestions are offered like opening linguistic section or office in all the ministries and public departments or employing experts in Kurdish orthography such as graduates of the Kurdish language department to review and correct mistakes in the offices that issue such administrative orders. And preparing improving course for the typists to improve their writing. In the latest display there are a list of sources and an extension research.

**پاشکۆی ژمارە (١) جۆر و ژمارە و ڕێژەی هەڵەکان**

| هەڵە | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| یی | ٢٣٣ | ٧٤.٦٧ |
| ییی | ١٦ | ٥.١ |
| آ – y | ٣ | ٠.٩٦ |
| (ی) نەلکاو | ٢ | ٠.٦٤ |
| وشەی لێکدراو | ٩ | ٢.٨٨ |
| ڕ – ر | ٣٦ | ١١.٥٣ |
| (و)ی بەستن | ٤ | ١.٢٨ |
| (و)ی سەرەتا | ١ | ٠.٣٢ |
| هەڵەی دیکە | ٨ | ٢.٥٦ |
| سەرجەم | ٣١٢ | ٩٩.٩٤ |
| تابلۆی ڕاست | ٦ | ٤.٨٦ |
| تابلۆی هەڵە | ١١٩ | ٩٥.٢ |
| وشەی هەڵە | ٣١٢ | ٣٠.١ |
| هەڵەی ڕێزمانی | ٢٨٨ | ٩٢.٣ |
| هەڵەی واتایی | ٢٤ | ٧.٧ |

**پاشکۆی ژمارە (٢)**

**لستی ناوی ئەو دەزگا فەرمییانەی کە لێکۆڵینەوە لەسەر تابلۆکانیان کراوە:**

| ز | دەزگا |
|---|---|
| ١ | قایمقامیەتی قەزای کۆیە |
| ٢ | سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە |
| ٣ | سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیە |
| ٤ | فاکەڵتیی پەروەردە |
| ٥ | فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتی وکۆمەلایەتییەکان |
| ٦ | فاکەڵتیی زانست و تەندروستی |
| ٧ | فاکەڵتیی ئەندازیاری |
| ٨ | سکوڵی پزیشکی |
| ٩ | بەڕێوەبەرایەتیی تۆمارگای گشتی |
| ١٠ | کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی کۆیە |
| ١١ | پەیمانگای تەکنیکیی کۆیە |
| ١٢ | بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی کۆیە |

| | |
|---|---|
| ١٣ | نەخۆشخانەی فێرکاریی شەهید د. خالید |
| ١٤ | نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کۆیە |
| ١٥ | پزیشکیی دادوەریی کۆیە |
| ١٦ | مەڵبەندی تەندروستیی حاجی قادر |
| ١٧ | مەڵبەندی تەندروستیی شەهید د. هەندرێن |
| ١٨ | مەڵبەندی تەندروستیی باواجی |
| ١٩ | مەڵبەندی تەندروستیی شەهید د. کاوە |
| ٢٠ | بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بانکەپسپۆڕییەکان/ لقی خانووبەرەی کۆیە |
| ٢١ | بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی کۆیە + بەشی ڕاگەیاندن. |
| ٢٢ | بەڕێوەبەرایەتیی تۆمارکردنی خانووبەرەی کۆیە |
| ٢٣ | بەڕێوەبەرایەتیی ڤێتێرنەریی کۆیە |
| ٢٤ | بەڕێوەبەرایەتیی گواستنەوەی کۆیە |
| ٢٥ | بەڕێوەبەرایەتیی تاقیگەی بیناسازیی کۆیە |
| ٢٦ | بەڕێوەبەرایەتیی ئاودێریی کۆیە |
| ٢٧ | بەڕێوەبەرایەتیی ئەوقاف و کاروباری ئاینیی کۆیە |
| ٢٨ | دادگای بەراییی کۆیە |
| ٢٩ | فەرمانگەی دادنوسی کۆیە |
| ٣٠ | بەڕێوەبەرایەتیی جێبەجێکردنی کۆیە |
| ٣١ | تێبینەرایەتیی چاودێریی ناکامەکانی کۆیە |
| ٣٢ | بەڕێوەبەرایەتیی چاککردنەوە و پاراستنی ڕێگاوبانی کۆیە |
| ٣٣ | بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی کۆیە |
| ٣٤ | بەشی ڕێنماییی کشتوکاڵی |
| ٣٥ | کتێبخانەی گشتیی حاجی قادری کۆیی |
| ٣٦ | بەڕێوەبەرایەتیی گەشتوگوزاری کۆیە |
| ٣٧ | بەڕێوەبەرایەتیی گەنجینەی کۆیە |
| ٣٨ | بەڕێوەبەرایەتیی باجی خانووبەرەی کۆیە |
| ٣٩ | بەڕێوەبەرایەتیی خانەنشینی کۆیە |
| ٤٠ | بەڕێوەبەرایەتیی باجی دەرامەتی کۆیە |
| ٤١ | بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی کۆیە |
| ٤٢ | بەڕێوەبەرایەتیی کارەبای کۆیە |
| ٤٣ | فەرمانگەی کارەبای کۆیە/ بەشی فرۆشتنی وزە |
| ٤٤ | نوسینگەی ڕەگەزنامەی کۆیە + فەرمانگەی باری شارستانیی کۆیە |
| ٤٥ | فەرمانگەی کارتی نیشتمانیی کۆیە |
| ٤٦ | بنکەی کەلوپەلی خۆراکی کۆیە |
| ٤٧ | بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و هونەری کۆیە |
| ٤٨ | کارگەی دۆشاوی تەماتە لە کۆیە |
| ٤٩ | بەنکی کۆیە / ٤ |

| | |
|---|---|
| ٥٠ | بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری هەولێر/ فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە |
| ٥١ | پەیمانگەی پەروەردەی وەرزشیی کۆیە |
| ٥٢ | پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی شەهید جەعفەر/ کۆیە |
| ٥٣ | بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی کۆیە |
| ٥٤ | بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی قوتابخانەکان |
| ٥٥ | هۆڵی چالاکیی هونەری |
| ٥٦ | یەکەی چالاکیی وەرزش و دیدەوانی |
| ٥٧ | کۆگاکان / پەروەردە |
| ٥٨ | بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگا ناحکومیـــیـــەکان |
| ٥٩ | یەکەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی بنەڕەتی و باخچەی منداڵان |
| ٦٠ | ئامادەییی ڕاجیی کوڕان |
| ٦١ | ئامادەییی هیوای کوڕان |
| ٦٢ | ئامادەییی کۆیەی کچان |
| ٦٣ | ئامادەییی سامی عەوداڵی کوڕان |
| ٦٤ | ئامادەییی بەیداغی کچان |
| ٦٥ | ئامادەییی کانیی کچان |
| ٦٦ | ئامادەییی چرۆی نموونەیی |
| ٦٧ | ئامادەییی کۆیەی کوڕان |
| ٦٨ | ئامادەییی سیابۆی کچان |
| ٦٩ | ئامادەییی داستانی ئێواران |
| ٧٠ | ئامادەییی پیشەییی کۆیەی تێکەڵاو |
| ٧١ | دواناوەندیی زەڵێی کچانی ئێواران |
| ٧٢ | دواناوەندیی هێڤیاری کوڕان / خوێندنگای هێڤیاری بنەڕەتیی کوڕان |
| ٧٣ | خوێندنگای سروەی بنەڕەتیی کچان |
| ٧٤ | خوێندنگەی کوردجینیەسی بنەڕەتیی ئەهلی |
| ٧٥ | خوێندنگای نێوزەنگی بنەڕەتیی کچان |
| ٧٦ | خوێندنگای پێشەوای بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ٧٧ | خوێندنگەی سێوەی بنەڕەتیی کچان |
| ٧٨ | خوێندنگای مەندیلانی بنەڕەتیی کچان |
| ٧٩ | خوێندنگای مهابادی بنەڕەتیی کچان |
| ٨٠ | خوێندنگای هەلگوردی بنەڕەتیی کوڕان |
| ٨١ | خوێندنگای مەنفیی بنەڕەتیی کوڕان |
| ٨٢ | خوێندنگای سەرباغی بنەڕەتیی کوڕان |
| ٨٣ | خوێندنگای حەماغای بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ٨٤ | خوێندنگای هەیبەت سوڵتانی بنەڕەتیی کچان |
| ٨٥ | خوێندنگای دەرسیمی ئێواران |
| ٨٦ | خوێندنگای کۆتانی بنەڕەتیی کوڕان |

| | |
|---|---|
| ٨٧ | قوتابخانەی کوردستانی بنەڕەتی |
| ٨٨ | قوتابخانەی کێوەڕەشی بنەڕەتی |
| ٨٩ | قوتابخانەی هاموونی بنەڕەتی |
| ٩٠ | قوتابخانەی کۆیەی بنەڕەتی (٢) |
| ٩١ | قوتابخانەی کالانی بنەڕەتی |
| ٩٢ | قوتابخانەی حاجی قادری بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ٩٣ | قوتابخانەی حەمامۆکی بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ٩٤ | قوتابخانەی باواجیی بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ٩٥ | قوتابخانەی مەلای گەورەی بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ٩٦ | قوتابخانەی زانستی بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ٩٧ | قوتابخانەی سەهۆڵانی بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ٩٨ | قوتابخانەی بێستونی ئێوارانی بنەڕەتیی کوڕان |
| ٩٩ | قوتابخانەی ڕەنوی بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ١٠٠ | قوتابخانەی شیرینی بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ١٠١ | قوتابخانەی شارەزای بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ١٠٢ | قوتابخانەی کەکۆنی بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ١٠٣ | قوتابخانەی عەلەکەی بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ١٠٤ | قوتابخانەی ژینی بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ١٠٥ | قوتابخانەی کۆساری بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ١٠٦ | قوتابخانەی دڵداری بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ١٠٧ | قوتابخانەی لێوژەی بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ١٠٨ | قوتابخانەی کۆسرەتی بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ١٠٩ | قوتابخانەی زرێباری بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ١١٠ | قوتابخانەی باکوریی بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ١١١ | قوتابخانەی کەریم شێخانیی بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ١١٢ | قوتابخانەی هەلاجی بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ١١٣ | قوتابخانەی یەکێتیی بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ١١٤ | قوتابخانەی چنارۆکی بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ١١٥ | قوتابخانەی ئۆمەرخوچانی بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ١١٦ | قوتابخانەی چرای بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ١١٧ | قوتابخانەی گەشتیاریی بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ١١٨ | قوتابخانەی نەجیبەخانی بنەڕەتیی تێکەڵ |
| ١١٩ | قوتابخانەی نەورۆزی بنەڕەتیی تێکەڵ |
| ١٢٠ | قوتابخانەی برادۆستی ناحکومی |
| ١٢١ | قوتابخانەی فێرکردنی خێرای بنەڕەتیی تێکەڵاو |
| ١٢٢ | نەهێشتنی نەخوێندەواری / بنکەی حەمامۆك |

**پاشکۆی ژمارە (٣)**

**وێنەی چەند تابلۆیەك بە نمونە:**
















سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن
بەڕێوەبەرایەتی ڕێگا و بان و ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن / هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی کۆیە


حکومەتی هەرێمی کوردستان
Ministry of Health
وەزارەتی تەندروستی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کۆیە


بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کۆیە
مەڵبەندی تەندروستی حاجی قادر
هۆبەی چاودێری تەندروستی سەرەتایی و دایکی دووگیان


حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن
تاقیگەی بیناسازی
irectorate of Koya Construction Laboratory
مختبر كوية الانشائي


بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی کۆیە


وەزارەتـــی داد
بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوەبەرایەتی چاودێری ناکامەکانی هەولێر
تێبینەرایەتی چاودێری ناکامەکانی کۆیە


بەڕێوەبەرایەتی گەشت و گوزاری کۆیە


وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی
کۆمپانیای گشتی بازرگانی کەل و پەلی خۆراك / لقی هەولێر
بنکەی کەل و پەلی خۆراکی کۆیە


فەرمانگەی کارەبای کۆیە
بەشی فرۆشتنی وزە


بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە پسپۆڕیەکان
لقی خانووبەرەی کۆیە


سەرۆکایەتی
زانکۆی کۆیە
KOYA
UNIVERSITY


زانکۆی کۆیە
فاکەڵتی پەروەردە


ئامادەیی ڕاجی کوڕان


ئامادەیی
کانی پکان


بەرێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکان


یەکەی چاڵاکی وەرزش و دیدەوانی


باکوری بنەڕەتی تێکەڵاو


پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی شەهید جەعفەر کۆیە


گەشتیاری بنەڕەتی
تێکەڵاو
ساڵی (٢٠١٣-٢٠١٤)


مەنفی بنەڕەتی کوڕان


هەرێمی کوردستان - عێراق
ئه نجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی بنەڕەتی و باخچەی ساوایان
بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەو پەیمانگا ناحکومیەکان
2014
2015


قوتابخانەی
کوردستانی بنەڕەتی


ئامادەیی سامی عەودالْ ی کوران


بەشی
ڕێنمایی کشتوکالّی


بەنکی کۆیە /٤


فەرمانگەی کارتی نیشتمانی کۆیە